

# بێدەسەڵاتی لە پرۆسەی جیابوونەوە

## چۆنییەتی پێداچوونەوە و کێشەکانی ژنانی نەخوازیاری تەڵاق و سێتەڵاقەکراو لە کوردستان

**لەیلا عەنایەتزادە**

ماستەری جەماوەرناسی، زانکۆی تاران

# بێدەسەڵاتی لە پرۆسەی جیابوونەوە

## چۆنییەتی پێداچوونەوە و کێشەکانی ژنانی نەخوازیاری تەڵاق و سێتەڵاقەکراو لە کوردستان


### پوختە

تەڵاق ئەگەرچی هاوسەر، منداڵان و بنەماڵە و بە شێکی زۆر لە چەرخی ژیانی کۆمەڵایەتی تووش کێشە دەکات بەڵام شێوازی خوێندنەوە و ئەزموونی تاکەکان بەپێی بکەر بوونی ئەوان لە پرۆسەی تەڵاق دەتوانێ جیاواز بێ و بە وێنەی ئەزموونێکی تایبەت لە بەر چاو بگیردرێت.

بە هۆی جیاواز بوونی تەجروبەی کەسانی نەخوازیاری تەڵاق و ئەمە کە ڕۆڵی ژنانی کورد لە پانتایی ژیانی هاوسەری تا رادەی ئۆبژەیەک نزمدەکرێتەوە، ئەم توێژینەوە بۆ دەرخستنی ئەزموونی ژنانی کوردی نەخوازیاری تەڵاق لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراوە و خوێندنەوەیەکی چۆنیەتی/ دیاردەناسانەیە. ژمارەی بەشداربووان ١٠ کەس بوون و چەمکەکانی ئاماژەپێکراو لە و ت و وێژەکاندا بریتی بوون لە رەوتی کاتی تەڵاق، لایەنەکانی تەڵاق، لایە نی فەرادەروونی تەڵاق و رووداوە رەفتارییەکانی تەڵاق.

تێگەیشتن لە ئەزموونی ژنانی کوردی تەڵاقدراو دەتوانێ بۆ توێژینەوەکانی داهاتوو و هەروەها چارەسەری کێشەکان لە بواری ژیانی هاوسەری و پێویستی بە دامەزرانی رێکخراوەی پشتگر و یارمەتیی‌دەر بە ژنانی تەڵاقدراو لە کوردستان قازانجدار بێ.

چەمکە سەرەکیەکان بریتین لە : ئەزموونی ژنان پێش تەڵاق، کاتی تەڵاق و دوای تەڵاق، لایەنەکانی تەڵاق، هەست و کاردانەوەی ژنان بە رامبەر بە تەڵاق.


### پێشەکی

ئەگەرچی تەڵاق تا ئێستا و لە زۆربە ی وڵاتان بە جووتبوون و پێکە وەنانی بنەماڵە وەک یەکێ لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگا گرێ دراوە، بەڵام تەڵاق گوازتنەوەیەکی سەرلەنوێیە بۆ قۆناغی بێ‌هاوسەری. ژیانی هاوبەش یەکێک لە ڕەواترین پێوەندییە دووقۆڵیەکانی نێوان بوونەوەرە مرۆییەکانە. تا ڕادەیەک کە ئەم پێوەندییانە فۆ ڕمی ئۆستوورەیی گرتووە و زۆربەی تاکەکانی نێو ئەو سیستمە فەرهەنگییە، چاوەڕوانی ئەوە ئەکەن کە تەنیا هۆکاری مەرگ کۆتایی بە ژیانی هاوسەریان بهێنێ. بەڵام جاری وا هەیە ئەم پێوەندییانە بۆ هەمیشە بەردەوام نابێ و ئەگەری گوازتنەوەیەکی‌تر بە ناوی تەڵاق هەیە. گوازتنەوەی یەکەم لە بێ‌هاوسەرییەوە بۆ هاوسەرداری لە روانگەی کۆمەڵگاوە خاس، روون و دانپێنراوە، بەڵام گوازتنەوەی دووهەم خراپ، لێڵ و دانپێنەنراوە. لەسەر ئەم بابەتە هوپر[1](٢٠٠١) دە ڵێت: 'چونکە پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش هەم بە وێنەی دام و دەزگایەک و هەم بە وێنەی دەسکەوتێکی تایبەتی بایەخی پێدراوە، وا وێنادەکرێ کە بۆ هەمیشە بەردەوامبێ. بەڵام تەڵاق گشت ئەو بایەخە قووڵانەی کە ئێمە بە ژیانی هاوبەشەوە گرێ دەدات بەتاڵ دەکاتەوە و دوراندنێکی تایبەت بۆ هەر دوو لایە نی تەڵاق(ژن و پیاو)، پێکدەهێنێت'(Walzer & Oles, 2003:332).

سەرەڕای ئەمەی کە تەڵاق بە وێنەی کردەوەیەکی کۆمەڵایەتیە کە کاتێ ژیانی هاوسەری تووشی شکست ئەبێ کەڵکی لێوەردەگیرێ، بەڵام لەو رووەوە کە چاوەروانییە تاکە کەسی و کۆمەڵایەتییەکان بەتاڵ دەکاتەوە، کۆمەڵێک کێشە و گیر و گرفت بۆ هەر دوو رەگەزی ژن و پیاو پێک دینێت و گشت رەهەندەکانی ژیان لە کار و باری رۆژانەوە تا دۆخی ئابووری، کۆمەڵایەتی، دەروونی، پێناسەیی و تەنانەت مەبەستەکانی ژن و مێرد دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. لە لایەکی تریشەوە، ئەگەرچی تەڵاق ژن و شوو تووشی کۆمەڵێک قەیران و فاکتۆری کێشەساز لە کاتی تەڵاق و لە دوای تەڵاقدا دەکات، بەڵام ئەم دیاردەیە، سەرتاسەر کارەسات نیە و دەتوانێ دەرفەتیک بۆ گەشەیەکی تایبەتی پرەخسێنێ(Thomas& Ryan,2009:211). هەرچەند بە وتەی نووسەر و

---

[1].Joseph Hooper

دەروونناسی ئەمریکی کرانتزلر[۲]:"تەڵاق ڕووداوێکە دەتوانێ ببێتە هۆی دەوڵەمەند کردنی ئەزموونی تاک و جۆرێک پێگەیشتن، بەهێزبوون و بیرمەندی لەمرۆڤدا"(ئە خە وان تە فتی،١٣٨٢:١٣٥). بەڵام تیپەڕکردنی پرۆسەی تەڵاق بەخێرایی و بە سانایی روو نادات و بۆ خۆپەیداکردن و دەسپێکردنی ژیانێکی نوێ پێویستمان بە تێپەڕینی کات و ساتە.

بێگومان، سەرەڕای بەربڵاوی و بەجێ‌هێشتنی شوێنەواری تەڵاق لەسەر تاکەکان، ئەزمونی تەڵاق بۆ هیچ دوو تاکێک یەکچەشن نیە. ئەو توێژینەوانەی کە لەسەر تەڵاق کراون، بە روونی جیاوازی ئاکام و دەرەنجامی پرۆسەی تەڵاق بۆ ئەو کەسانەی کە دەسپێکەر و خوازیاری تەڵاقن لەگەڵ ئەوانەی کە نەخوازیاری تەڵاقن، دەسەلمێنێ. کەوایە بە پێی بکەربوونی یەکێک لە دوو رەگەزە، شێوە ی کاردانەوە و سازگاری ژن و مێرد لەگەڵ تەڵاق یەکسان نیە. لە زۆربە ی لێکۆڵینەوەکانیش (Gray & Silver, 1990; Hagestad & Smyer, 1982) وا دەردەکەوێت کە ئەزموونی تەڵاق بۆ نەخوازیارانی تەڵاق بە بەراورد لەگەڵ دەسپێکەرانی ئەو دیاردەیە زۆر دژوارترە (Baum, 2007:46). بەم بۆنەشەوە هە ندێ لێکۆڵینەوە (Gray, 1996; Vannoy, 1995; Vaughan, 1986; Kincaid & Caldwell, 1995; Spanier & Casto, 1979; Weiss, 1975) بۆ تێگەیشتن لەهەست و نەست و کێشە دەروونیەکانی کەسانی نەخوازیاری تەڵاق کراوە، بەڵام ژمارەیەکی کەم لە خوێندنەوەکان لەسەر پرۆسەی کەسانی نەخوازیاری تەڵاق لە دۆخە فەرهەنگییە جیاوازەکاندا ئەنجامی‌گرتووە. هەروەها پڕێک لەو لێکۆڵینەوانەش کە پێکهاتە ئابووری- کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی تەڵاق‌یان لەبەرچاوگرتووە، لە خوێندنەوەی ئەو رەوتە چاوپۆشیان کردووە.

هەر چەند ئەمڕۆکە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ژنان خۆیان داواکەری تەڵاقن و بۆ خۆیان پڕیار لەسەر بەردەوامبوون و نەبوونی ژیانی هاوسەریان ئەدەن، بەڵام هەبوونی چەند هۆکارێکی وەکوو چەن ژنی، ژن بە سەر ژن هێنان، درانی مافی تەڵاق بە پیاو و سێ‌تەڵاقە لە دۆخی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی فەرهەنگی کوردستان، تەڵاقیان بەجێی هەڵبژاردەیەکی دوو لایەنە، کردووە بە مافێکی یەک‌لایەنە بۆ پیاوان. هەر بەم پێیەش ئەم توێژینەوە جەختی کردووەتە سەر ژنانی تەڵاق‌دراوی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەت ئەو ژنانەی کە شووەکانیان دیاردەی سێ‌تەڵاقەیان بەسەریاندا سەپاندووە. سەرچاوەی ئەم جۆرە تەڵاقە لە ئیسلام دایە و لە ناو ئەهلی سوننەتدا باوە و بەدرێژایی کات و سات تێکەڵ بە داب و نەریتی خەڵک بووە و زیاتر بۆ بەرژەوەندی پیاوان کەڵکی لێ وەرگیراوە.

لە سێ‌تەڵاقەدا، ئەگەر پیاوێک تەنیا بۆ سێ کەرەت چ بە ئەنقەست و چ بە ئارەزووی خۆی و چ بە ڕێکەوت و بە پێچەوانەی ئارەزووی خۆی، وشەی تەڵاق بەسەر زمانیدا بێ، ژیانی هاوسەری دەکەوێتە مەترسیەوە. لە دواییدا ئەگەر پیاوەکە لەسەر هەڵوێستی خۆی سووربوو، ئیتر لە لایەن دەزگای دادوەری و دادگاوە تاووتوێ ناکرێ و شۆرایەک پێکهاتوو لە مامۆستایانی ئایینی پڕیاری خۆیانی لەسەر ئەدەن و ئەو پێوەندییە زۆربەی جار دەپچڕێ و بە قازانجی پیاو کۆتایی پێدێت یان ئەوەی کە ژن دەبێ پرەنسیبی "مارەبەجاش"[۳] قەبووڵ بکات. بەڵام ئەگەر تەڵاق، بە ئەنقەست بەسەر زمانی پیاوەکە نەهاتبێ و پیاوەکە حەز بەتەڵاق دانی ژنەکە نەکات، دەتوانێ بچێتە لای کەسانێ بە ناوی"مۆحەللێل" و بەدانی پڕێک پووڵ، تەڵاقەکە ساغ بکاتەوە. بە زاڵبوونی وەها فەزایەک و بۆشاییەک لەسەر ژنانی کورد، ئەم توێژینەوە بە دوای دەرخستنی لایەنە جیاجیاکانی تەڵاق و ئەو پرۆسەیە کە ژنانی کوردی نەخوازیاری تەڵاق تەجروبەیان کردووە، دەگەڕێ. ئەم ژنانە رۆڵێکیان لە هەڵبژاردنی تەڵاق‌دا نەبووە و پیاوان ناچاریان کردوون کە قەبووڵی بکەن. بەم بۆنەوە چەند پرسیاری سەرەکی دێتە ئاراوە: یەکەم؛ ژنانی تەڵاق‌دراو پێش تەڵاق، کاتی تەڵاق و لە دوای تەڵاق چ قۆناغگەلێکیان تێپەراندوە؟ دووهەم؛ لایەنەکانی تەڵاق کە ئەم ژنانە لە پێش تەڵاق، کاتی تەلاق و لەدوای تەڵاق تەجروبەی ئەکەن کامانەن؟ سێهەم؛ تێڕوانین، هەست و هەڵوێستەکانی ژنان بەرامبەر بە تەڵاق چی بوون؟

## ڕەوشی توێژینەوە

بۆ خوێندنەوەی تەجروبەی ژیانی ژنانی نەخوازیاری تەڵاق، ڕەوشی دیاردەناسی[٤] بۆ ئەم کارە هەڵبژێردراوە. ژنانی بەشداربوو لە وت و وێژە کان ١٠ کەس بوون کە بە هۆی زۆر بوونی «رێژەی تەڵاق»[٥] لە «کوردستان» و بە تایبەت لە شاری «سەقز»، گشت ئەو دە کەسە دانیشتووی شاری سەقز بوون. لە درێژەی باسەکان هەوڵ درا تاوەکوو تەوەرە و ناوەندی وت و وێژە کان لە سەر گێڕانەوە ی ڕاستەقینەی تەجرۆبەی تەڵاق لای ژنانی تەڵاق‌دراو دە رکە وێت. وت و وێژە کان لە یەک تا دوو دانیشتن لە لانیکەم ٣٠ خولەکەوە تا ٢ کات ژمێر و نیو درێژە ی هەبووە. خشتەی ژمارە ١ زانیاری زیاترمان سەبارەت بە بەشداربووان لە وت و وێژە کان پێ ئەدات.

---

2. Mel Krantzler

۳. ئەگەر کەسانێک بە ناوی "موحەللێل" نەتوانن ئەو تەڵاقە ساغ بکەنەوە، دەبێ ئەو ژنەی کە سێ‌تەڵاقە کراوە بە وادە بە مارەی پیاوێکی دیکە دەربێ و دوای تێپەر بوونی وادەکە، سەر لە نوێ لە شووەکەی مارە بکرێتەوە.

٥. لێکۆڵینەوەی دیاردەناسانە بە دوای وڵامی ئەم پرسیارەدا دەگەڕێ: «پێکهاتە و ماهییەتی دیاردەیەک کە لە لایەنی خەڵکەوە تەجروبە دەکرێ، چییە؟»

٥. بە گشتی رێژەی تەڵاق لە ئێران تا ساڵی ٨٨ بە ١٢/٥ لە سەد گەیشتووە. لە ئۆستانی تاران لە هەر ٥ ئیزدواج و لە ئوستانی کوردستان لە هەر ٧ ئیزدواج تەڵاقێک رووی داوە. بەم پێیە ئوستانی کوردستان لە حاست ڕێژەی تەڵاق لە ساڵی ٨٨ پلەی دووهەمی لە ئێراندا هەبووە. ئەم ئامارە تەنانەت بۆ شاری سەقز لە ساڵی ٨٠ و ٨٥ دەگاتە ٤/٨ کە بە بەراورد لە گەڵ تاران کە تا ئەو ساڵانە پلەی یەکەمی بووە، خوارترین ڕێژەی بۆ خۆی تەرخان کردووە و زیاترین ئاماری تەڵاق تیا رووی داوە (ساڵنامەی ئاماری وڵاتی ئێران و ماڵپەڕی: www.sabteahval.ir).

**خشتە ی ژمارە١: زانیاری جە ماوەری سە بارەت بە بەشداربووان**

| ناوی بەشداربووان | تەمەن | تەمەنی شووکردن | قۆناغی خوێندن | ماوەی ژیانی هاوسەری | جۆری تەڵاق | تەمەنی تەڵاق | کار و ئیش | ژمارەی منداڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هێرۆ | ٢٩ | ١٨ | پێنجمی سەرەتایی | ١١ساڵ | زۆرەملی پیاو | ٢٩ | - | ١ |
| فەراسە ت | ٢٩ | ٢٠ | دووهەمی دواناوەندی | ٢ساڵ و ٣ مانگ | سێ تەڵاقە | ٢٣ | - | ١ |
| فەریدە | ٢٤ | ٢٢ | دووهەمی دواناوەندی | ١ساڵ و ٦ مانگ | زۆرەملی پیاو | ٢٤ | - | بێ منداڵ |
| ئەسرین | ٢٤ | ٢٢ | دیپلۆم | ١ساڵ | زۆرەملی پیاو | ٢٣ | - | ١ |
| ئاسۆ | ٢١ | ١٩ | دیپلۆم | ٢ ساڵ | زۆرەملی پیاو | ٢١ | - | بێ منداڵ |
| حەسیبە | ٢٥ | ١٩ | سێهەمی دواناوەندی | ١ ساڵ | سێ تەڵاقە | ٢٠ | کاری هونەری | بێ منداڵ |
| خاوەر | ٣٢ | ٢٥ | پێنجمی سەرەتایی | ١ ساڵ | زۆرەملی پیاو | ٢٦ | - | بێ منداڵ |
| شادی | ٢٥ | ٢٠ | یەکەمی ناوەندی | ٥ ساڵ | زۆرەملی پیاو | ٢٥ | تەون کردن | ١ |
| فەریبا | ٢٨ | ١٩ | دیپلۆم | ٧ ساڵ | سێ تەڵاقە | ٢٦ | خەیات | ١ |
| مەعسوومە | ٤٧ | ٢١ | پێنجمی ئامادەیی | ٢٣ ساڵ | زۆرەملی پیاو | ٤٤ | جوانکاری ژنان | ٣ |

بۆ ئەوەی مانا و دروستی وت و وێژەکان بپارێزرێت، دوای دەنگ هەڵگرتن، نووسینەوە و دابەزاندنی وت و وێژەکان لە لایەن خودی توێژەرەوە ئە نجام دراوە و لە دوای نووسینەوەی وت و وێژەکانیش، بۆ هەڵەگرتن و راست کردنەوەی وشە و رستەی بەجێماو بۆ هەر کام لە بەشداربووان کۆپیەک رەوانەکرا. بە دابەزاندن و نووسینەوەی وت و وێژەکان، دەیتای سەرەتایی بۆ لێکۆڵینەوە بەرهەم هێنرا. لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکە لە سەر ژنانی تەڵاقدراو چوار چەمکی رەوتی کاتی تەڵاق، لایەنەکانی تەڵاق، لایەنی فەرادەروونی تەڵاق و رووداوە رەفتارییە کانی تەڵاق بۆ ئێمە دەرکەوت کە هەر کامیان یەک بە یەک دەکەینەوە.

## ڕەوتی کاتی تەڵاق

ژنانی تەڵاقدراو لەم پرۆسەیەدا سێ قۆناغ تێدەپەڕێنن. قۆناغی یەکەم، کە بە قۆناغی "پێش تەڵاق- بڕیار دان" ناوبیر دەکرێ، بە ڕووبەڕووبوونەوەی ژنان لەگەڵ کۆمەڵێک کێشە و قەیران لە ژیانی هاوسەریدا دەست پێدەکات و دەبێتە هۆی ناهاوسەنگییەک کە لە گشت ژیانیاندا پەرەدەسێنێ و ئازاریان دەدات. سەرەکیترینی ئەم کێشانە، کێشەی جنسییە، کە «ئاڵۆزی جنسی»[6] و «ناوە فاداری» لە لایەنی پیاوانەوە و «کەمبوونەوەی حەزی جنسی» لە لایە نی ژنانەوە دەگرێتەوە و کێشەکانیتر، بۆ وینە، «توندوتیژی جەستەیی، دەروونی و جنسی» هەر لەمەوە سەرچاوە دەگرن.

چەند کەسێک لە ژنان ئاماژە یان بە کێشەی جنسی مێردەکانیان کرد و ئەم ڕاستیەیان دەرخست کە کاتێک پیاوان تووشی ئاڵۆزی جنسی دەبن، هەوڵ ئەدەن بە شێوەی جۆراوجۆر ئەو کەمایەتی و بۆشاییە بشارنەوە. چونکە لایەنی جنسی بەشی هەرە گرینگ و بنەمای سەرەکی شوناسی پیاوان پێک دەهێنێت. "حە سیبە" ٢٥ ساڵە دەڵێت:

> وەختێ کە شووم پێکرد، زانیم کە کاتی نزیکایەتی لە گەڵ من زۆر ساردە، ئە و گشتە پێشتر لە سەر حە زی جنسی و ئەو شتانەم بیستبوو و دوای ساڵێک ژیانی هاوبەش لە گەڵ ئەو قەت نەمزانی ڕەحەت بوون یانی چی. کەچی ئەو بە بیانووی ئەوەی کە خۆشی لە مناڵ نایەت لە بیمارستانێکی تاران نۆبەی بۆ گرتم کە منالدانم دەر بێرم.

"فەراسە ت" ٢٩ ساڵەیش هەروەها باس لە کێشەی جنسی مێردەکەی دەکات:

> زۆر جار، نزیک بە مانگێک نزیکایەتی لە گەڵ من نە بوو و کاتی سێکس کردنیش لە زووترین کات خۆی ڕەحەت ئەبوو ، کەچی بۆ من تەنیا سەر ئێشە و کزانەوەی جنسی بە جێئە ما. هە ر وەک برینێک کە ژێرەکە ی چڵکی کردبێ. من نیازم بوو کە وەک گوڵێک ئاو بدرێم و تیمار کرێم.

بڕێک لە ژنان ئاماژەیان بە ناوە فاداری پیاوان کردووە و دەڵێن بۆ ڕووبەڕوونەبوونەوە لە گەڵ تەڵاق، تەنانەت کۆڵیان بە هێنانی ژنی دووهەمی شووەکەیان داوە. بەڵام هەر ئەمە هۆی سەرەکی لێکپچڕانی ژیانی هاوبەشیان بووە. "شادی" ٢٥ ساڵە لە سەر ئەم بابەتە دەڵێت: "«دوو ساڵ لە گەڵ یێوەژنێک پێوەندی بوو و دوای یەک ساڵ ئیتر هیچ پێوەنییەکی لە گەڵ من نەما و نزیک یەک ساڵ دیوی خەویشی لە من جیا کردبۆوە».

لە نێو ژنانی بەشداربوو لە وتووێژەکاندا، ژنانێک بوون کە گوێڕایەڵی حەزی پیاوان بۆ پێوەندی جنسی نەبوون و ئەم ڕێگایە دەبێتە تەنیا ستراتێژی دژایەتی کردن لەگەڵ پیاوان. "مە عسوومە" ٤٧ ساڵە بەم جۆرە باس لە کوڵنەدان بە حەزی جنسی مێردەکە ی دەکات: «بێ ئیرادە بیری قسەی ناخوش و عەزیەت و ئازارە کانی ئەکەوتمەوە و کە ئەمزانی تە نیا ئەیەوێت لە نزیکی لە گەڵ من خۆی ڕەحەت کا، گوێم پێنادا و دەموت من کە زبڵدانی ئەو نیم».

گشت ژنانی ئەم توێژینەوەیە، ئاماژەیان بە یەکێک لە جورەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە خۆیان کردووە و وا دەردەکەوێ کە توندوتیژی تا ڕادەیەک بووە بە ڕێسا و نەریتێکی ژیانی هاوسەری و دیاردەیەکی گشتی. سە بارەت بە توندوتیژی جەستەیی "فەریبا" ٢٨ ساڵە دە ڵێت:

> قەت لێدانی ئەو نیوەڕۆی لە بیر ناکەم. بە لاوە دای بە سەر و چاوما و کە سەر و چاومی تێک شکاند بە یەکا و لە هۆش چووم. تونگێک ئاو و یە خی کرد بە سەرمدا. دڵم لە لێدان کە وت، قەلبم وێستا.

"هێرۆ" ٢٩ ساڵەیش بەم جۆرە باس لە تەجروبە ی توندوتیژی جنسی بەردەوام لە ماوەی ١١ ساڵ ژیانی هاوسەری دەکات:

> بەردە وام داوای نزیکایەتی لە من ئە کرد. شەوێک چەند کەڕە ت سێکسی لە گەڵ کردم. بە ڕادەیەک ئازاری ئەدام کە بە هەر لایەکدا ئەکەوتم، توانای دانیشتنم نەبوو.

لەم قۆناغە سەرەتاییە؛ ژنان دوای ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ قەیرانەکان، لە هەر دوو دۆخی "بێدەسەڵاتی ڕێژەیی"[7] یانی قەبووڵ کردنی تەڵاق بە زۆرەملی پیاو و "بێدەسەڵاتی تەواو"[8] کە سێتەڵاقە ڕوو ئەدات و پێویستی تەنانەت بە قەبووڵ کردنی ژن نیە، گوێڕایەڵی پیاو دەبن و بۆ مانەوە لە ژیانی هاوسەری و بۆ ڕاگرتنی ئەو لە گشت هەڵوێستەکانی خۆیان، پاشەکشە دەکەن و جارجاریش ستراتێژیەکانی خۆیان وەک زاوزێ کردن دادەبەزێنن کە ئەم بەشە لە قۆناغی یەکەم دەتوانین بە "چەقەکردن"[9] پیناسە بکەین. "حەسیبە" بەم جۆرە

---

6. Sexual disorder

7. Relative passivity

8. Absolute passivity

9. Bargaining

پێداگری لە سەر مانەوەی لە ژیانی هاوسەری دەکات: «بۆ راگرتنی ژیانی هاوبەشیم، پێشنیاری ... م بۆ دە ر هاوردنی منالدانم قەبوولکرد. چون نەمەویست تەلاقم بدات».

هەروەها"فەراسەت" دەڵێت:

> ئەو حەقی چێژبردنی جنسی بۆ من لە بەر چاو ناگرت و ئەیوت خەتەنە نەکراوم و نانی دەستم حەرامە. بۆ ڕازی ڕاگرتنی، خۆم خەتەنە کرد. وا بیرم ئەکردەوە کە بە ئەم کارە دەتوانم دڵی مێردەکەم ڕاگرم و ژیانی هاوبەشیم بپارێزم.

بەلام چەقەکردنی ژنان زۆر ناخایەنێ و پیاوان لەدواییدا، یان لە ڕێگەی سوێند خواردن بە تەلاق و سێ‌تەلاقەکردن یان بە لەژێر گوشار خستنی ژنان، هەر چی کردەی ئەوانە هەڵدەوەشێنن و ژنان تووشی شکست دەکەن و ژنانیش چاری ناچار چۆکدادەدەن. بۆ وینە "حەسیبە" کە بە هۆی ترسی لە تەلاق ملکەچی گشت خواستەکانی مێردەکە ی دەبێ و هەوڵێکی زۆر بۆ پاراستنی ژیانی هاوبەشی ئەدات، دەڵێت:

> بەرگەی تەلاقنامەکەیان ئیمزا کردبووم، بێئەوە ی کە خۆم ئاگادار بم. ئێستاش کە تەلاق دراوم نازانم بە خاتری چی بووە. بۆ سەردانی ماڵی باوکم هاتینەوە سەقز و خۆی گەراوە بۆ کیش. سێ مانگ تەمایەری بووم کە بێ بە دوامدا کەچی دوای ماوەیەک تەلاقنامەکەم هاتە بەر درگا. بەو بیانووەی کە تەلاقی خستووە. ئێستاش نازانم بۆ دەبێ داخی تەلاق دراوی و بێوە ژنی بخۆم.

"فەریبا" ٢٨ سالەیش گێرایەوە کە:

> من قەت لە زمانیم نەبیستبوو کە سوێند بە تەلاق بخوا و تەلاقی خستبێ. باوەڕم ناکرد. بە لام ئەو دەیوت کە لە نەبوونی مندا و بێئەوەی کە من ئاگام لێی بێ، تەلاقی خستووە. بە وتنی ئەم قسانە لە شۆرای رۆحانی وتیان کە بە قسەی ئەم پیاوە ئیتر تۆ ژنی نیت و پێی نامەحرەمی.

قۆناغی دووهەم لە رەوتی تەلاق، بریارەکانی ژن و مێرد سەبارەت بە سامان و ماڵ و چۆنایەتی ئاگاداری و چاوپێکەوتنی منالە، ئەگەر منالی هاوبەشیان ببێ. ئەم قۆناغە لە تەلاق، بە کاتی تەلاق- گوازتنەوە ناو دەبرێ. لە بواری بریاردان سەبارەت بە ماڵ و سامانی تایبەتی، ژنان وەک لایەنێکی دان وسانی ئابووری بە هۆی ئەوەی لایەنەکەی‌تری ئەو دان وسانە پیاوانن و بەڵگە ی سەرکە وتنیان بە ناوی مافی تەلاق بەدەستەوەیە، لەم بارەشەوە دیسان دەیدۆڕێنن. پیاوان زۆر بە ئاسایی دەتوانن ژنان ملکەچی مەرجەکانی خۆیان کەن و بە قازانجی خۆیان کۆتایی بە دۆخەکە بهێنن. ژنانی بەشداربوو لە وت وویژەکان، لەبەر ئەوەی کە لە کۆمەڵگای کوردی روانگەیەکی خراپ بۆ دادگا و چوونە ژوورەوەی ژنان بۆ شوێنگەلی دادوەری باوە و هەروەها لە بەر ئەوەی لە پێچاوپێچی یاسایی تەلاقدا، تووشی سەر لێشێواوی نەبن، کوڵ بە "تەلاقی پێکهاتنانە" ئەدەن و ژنان لە ژێر گوشاری مێردەکانیان لە ماوەیەکی کورتدا بە دەست هەڵگرتن لە گشت مافە یاساییەکانی خۆیان، تەلاق دەدرێن. "شادی" ٢٥ سالە سەبارەت بە لێخۆش بوون لە مافەکانی دەڵێت: «لە گشت حەقی یاسایی و شەرعی خۆم گوزەرام، لە بەر ئەوە ی کە گەرەکم نەبوو هەموو رۆژێک لە بەر کار و باری تەلاق هات و چووی دادگا بکەم».

دوای بریاری ئابووری کە پیاو بە کەیفی خۆی دەتوانی بێ هیچ ململانێیەک مانۆ ڕبدات و خۆی ڕابدات، نۆرەدەگاتە مافی ئاگاداری و چاوپێکەوتنی منالان. لەم بارەوەش بەپێی ئەوەی کە باوک مافی سەرپەرەشتی منالی پێدراوە، هەمدیسان بریاردان و مافی هەڵبژاردن بۆ ژنان بێمانایە و دایک بۆ ماوەیەکی کورت مافی سەرپەرشتی کردنی منالی بە ئەستۆیە یان دەبێ وەک "هێرۆ" ٢٩ سالە هەڵسوکەوت بکات:

> پێم وت ئێستا کە ئەوندە لە سەر تەلاقدانی من سووری. من هیچ شتێکم لێت ناوێ بە غە یری کورە کەم نەبێ. ئەویش لە دادگا کو ڕە کەمی پێدا و ئێستا خۆم بە خێوی دەکە م و هەر دوومان لارەملی ماڵی باوکم و براکەمین.

لە قۆناغی سێهەم دا کە بە دوای تەلاق- نوێکردنەوە ناوبیر دەکرێ، ژنان لە سەرەتادا تووشی ئاڵۆزی و سەرلێشێواوی دەبن و بە ڕادەیەک هەست و نەستیان لەژێر کاریگەری تەلاقدا دەبێ کە توانای هیج کار و کاردانەوەیەکی ئیرادییان نامێنێ. ئەوان هەست بە خۆدۆ ڕاندن دەکەن و ناتوانن هیچ هەڵوێستێک بۆ ژیانیان بگرن. وە ک هێرۆ باس دەکات: «دوای تەلاقبۆ ماوە ی ٢ مانگ بە تەواوی وشیار نەبووم و ئاگام لە خۆم نەبوو. وەک شێتەکان سەرم لێشێوا بوو».

دواتر کە پێداچوونەوە بە خۆ و هەڵسەنگاندنی ڕابردوو روو ئەدات. ئەگەر ئەو هەڵسەنگاندنە بە رووی ئەرێنیدا بێ ئەو کات گەشەدەکەن و لە سەرەتاوە سەرهەڵدەدەنەوە و سەر لە نوێ دەست پێدەکەنە وە. ئەمەش بە وتەی کۆمەڵناسی ئینگلیزی، ئانتۆنی گیدنز(١٩٩١) دەگە ڕێتەوە بۆ گۆڕانکاریەکانی دوای تێکچوونی ژیانی هاوسەری کە سەرەڕای کۆمەڵێك دلەڕاوکێ و شێواوی دەروونی، توانا و بوارێکی نۆێ بۆ کەسەکان دە ڕەخسێنێت. ژنان بۆ ڕزگاربوون لە ئازارەکانی تەلاق، ڕێگەچارەیەک دەدۆزنەوە کە بە گەشەکردن و پێشکەوتنی ئەوان کۆتایی پێدێت.

ئەم گەشەکردنە لایەنە جۆراوجۆرەکان وەک هیوا بە داهاتوو و دانپێدانان بە رابردوو، ڕاهاتن بە دۆخی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و هەست بە گەشەکردن و سڵامەتی جەستەیی و دەروونی دەگرێتەوە. "مەعسوومە" ٤٧ ساڵە کە لە دوای تەڵاق تووشی زۆر نەخۆشی جەستەیی و رۆحی ئەبێ، سەبارەت بە زاڵبوونی بە سەر کێشەکان‌دا دەڵێت:

> دوای ماوەیە ک بەو ئاکام و دەرەنجامە گەیشتم کە ئیتر بە خواردنی قورس و دەوا و دەرزی چاک نابم و ئەبێ خۆم لە گەڵ ئەو بارودۆخە رێ بێم. شتێکە رووی داوە و ئەبێ تەحەممولی کەم. ئێستا حاڵم باشە و هیچ ئێش و نارەحەتیەکم نیە.

"فەراسەت" ٢٩ ساڵەیش کە سێ ساڵ و نیو لە تەڵاقی تێپەڕکردووە، سەبارەت بە توانایيەکانی خۆی و ڕاهاتن لە گەڵ دۆخی ئێستا دەڵێت: "خۆم بە ئینسانێکی زۆر بە توانا ئەزانم. لە ڕادەبەدەر باوەڕم بە خۆم هێناوە. ئێستا من ژنێکم کە بە قەزاوە ت و قسەی خەڵک بایەخ نادەم. من خۆم پەیدا کردووە و ئەزانم کە دەتوانم ژنێکی زۆر سەرکەوتوو بم."

بەڵام ئەگەر هەڵسەنگاندنەکە بەرووی نەرێنی‌دا بێ، پێناسەیەک لە «خود» سەقامگیردەبێ کە ناتەبایە. تێپەڕکردنی ئەم قۆناغە و دەربازبوون لەم دۆخە بۆ هە موو کەس مسۆگەر نابێ و پێویستی بە ماوەیەکی درێژخایەن لە دوای تەڵاق هەیە و زۆر کەسیش تەنانەت دوای تیپەڕکردنی ماوەیەکی زۆر دوور و درێژ، لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا سەقامگیردەبن و ناتوانن لێی‌دەربازبن.

## لایەنەکانی تەڵاق

تەڵاق بە وێنەی قەیرانێک چاولێدەکرێ و بە سەرهەڵدانی کۆمەڵیک کێشە، گیروگرفت، رەوتی ئاسایی ژیان تێک ئەدات. ژنان لەم توێژینەوە ئاماژەیان بە پڕێک لەو کێشانە لە باری دەروونی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە کردووە کە بە روودانی تەڵاق دەسپێدەکات. ژنان لە باری دەروونیەوە لە «دژواری‌جێگیربوونەوەی سەر لە نوێ لە بنەماڵە» و «بەبیر هاتنەوەی بیرەوەریەکانی ڕابردوو» ئازاردەبینن. کێشەی یەکەم بابەتێک بوو کە گشت ژنان ئاماژەیان‌پێکردووە و بوونی مناڵ، ڕاهاتن لە گەڵ دۆخەکەی دژوارتر کردووە. ئەم ژنانە تا ئەو ڕادەیە بێگانەدەبنەوە کە زۆربەیان وەک "ئاسۆ" ٢١ ساڵە بە چاوی فرمێسکاوی دەڵێت: «ئێستا هەشت مانگە گەڕامەتەوە ماڵی باوکم و پڕواتان بێ کە قەت بە تێری لە سفرەی ماڵی باوکم نەکشاومەتەوە و خۆم بە سەربار دەزانم».

کێشەی دووهەم لای ئەو ژنانە رووئەدات کە قەیرانی تەڵاق‌یان تێپە ڕ نەکردووە و باس لە ڕانەهاتن لەگەڵ رابردوو دەکەن. "فەریدە" ٢٢ ساڵە لە سەر ئەم بابەتە دەڵێت: «ناتوانم بە تەواوی لە بیری کەم و هەمیشە پڕێک لە رەنگ، مووسیقی و زۆر شتی تر دەمخاتەوە بیری ژیانی هاوبەشی پێشووم».

لە باری کۆمەڵایەتیشەوە، ژنان باسیان لە «زەوتکردنی ئیرادە»، «بەزەیی‌هاتنی کەسانی دەور و بەر» و «ساردبوونەوەی هەندێ لە پێوەندییەکانی ژنان و پیاوان» و «تەماح‌لێکردن» کردووە. بێ‌دەسەڵاتی لە کار و باری تایبەتی و زەوتکردنی ئیرادەی تاکەکەسی کێشەیەک بووە کە دوای داپڕان لە ژیانی هاوسەری بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی کچێنی تەوژمی زیاتر بووە. "هێرۆ" ٢٩ ساڵە بەم جۆرە باس لە دۆخی ئێستای خۆی لە ماڵی باوکی دەکات:

> پێشتر خۆم هات وجووی دەرەوەم ئەکرد و ئەو شتانەی کە پێویستمان بووایە، ئەمسەند. کەچی ئێستا خۆم ناتوانم تەنانەت بە کاروباری کوڕە کەم ڕابگەم و توانا و ئیزن و ئیجازەم نیە لە ماڵ بچمە دەر. تەحەممولی ئەم دۆخە زۆر سەختە.

هەر وەها هەڵسوکەوتی خزم و کەس بە بەزییەوە، ژنانی تووشی ئازار کردووە."خاوەر"٣٢ ساڵە کە ٧ساڵ لە تەڵاقی دەگوزەرێ، لە م بارەوە دەڵێت: «کە بە بەزەییەوە چاوم لێدەکەن و ئۆف و ئاخم بۆ هەڵدەکێشن، پێم ناخۆشە و حەز ناکەم بچمە ناو خەڵک ».

ژنان لە دۆخی دوای تەڵاق کە سەڵتیەکی سەر لە نوێ تەجروبەئەکەن، بۆ ئیدە ئاڵ‌کردنی پێوەندییەکانی ڕابردوو کە لە باری کۆمەڵایەتیەوە بایەخدار بوون، تووشی کێشە دە بن و بە هۆی قورسایی باری مانایی تەڵاق، دوست و خزم و کەس دوورییان لێدەگرن."فە ریبا" ٢٨ ساڵە سە بارەت بە کەم کردنەوەی پێوەندی خۆی لە گەڵ ژنانی مێردار لە ماوەی یەک ساڵ و نیو دوای تەڵاق دەڵێت: «پڕێک لە هاوماڵەکانم لە من دڵپیسی ئەکەن و حەز ناکەن لە گەڵ مێردە کانیان قسە کەم. لە بەر ئەمەیە کە سڵاوی مێردە کانیشیان ناکەم تا ئەم ژنانە نارەحەت نەبن».

«تەماح‌لێکردن» و «ئازاری جنسی» یەکێکی‌تر لە کێشە کۆمەڵایەتیەکان بووە کە ژنان دوای تەڵاق زۆر جار و لە شوێنی جۆراوجۆر لەگەڵی رووبەرووبوونەتەوە. ئەم ئازارە لە قسەی مانادار بە شێوەی پێداهەڵگوتن بە مەبەستی جنسی تا رۆیشتن بۆ شوێنی تایبەتی و داخوازی پێوەندی سکسی تەنانەت لە لایەنی کاربەدەستانی قەزاییشەوە دەگرێتەوە. "فەریدە" ٢٢ ساڵە کە تەجروبە ی ئەو پێداهەڵگوتنەی بووە، دەڵێت: «چاوانێکی زۆرتر بە

دوای ژنانی تە ڵاق دراودا دەگەڕێ. کوری پوورم هەر چەند کە دوو کچی بە شوو داوە و کچەزای هەیە، کەڕە تێک پێی وتم کە «تەرە بێوەژني»! کە شتی وام لێی بیست، ڕوانگەم بە ئەو و زۆربەی پیاوان گۆڕا».

سەرەکیترین کێشە و کەڵکەڵەی هەمیشەیی ژنان، کێشەی ئابووری و کەم وکورتی ماڵی بووە. بەتایبەت کە بەهۆی نامۆبوونی ژنان لەگەڵ بنەماڵەی سەرەتایی، ئەم ژنانە نەیانتوانیوە گرینگ‌ترین پێداویستیەکانی ژیانی خۆیان و منالیان دابین‌کەن. "هێرۆ" ٢٩ ساڵە ترسی خۆی لە داهاتوو بەم شێوە درکاند: «ئەگەر دەستم لە گیرفانی خۆمدا بووایەت. باشتر بوو. دە متوانی خەرجی خۆم بکێشم و ئاگاداری لە کورەکەم کەم. هەمیشە دڵەڕاوکێی ئەوەمە کە ئەگەر دایک و باوکم نەمێنن، ژیانی خۆم و کورەکەم چی بە سەر دێت».

## لایەنی فەرادەروونی تەڵاق

ئەم لایەنە بریتییە لە تێ ڕوانینی ژنان بە خویان لە کاتی تەڵاق و هەست و ڕوانگەیان بۆ تەڵاق لە پرۆسەی تەڵاقدا. گشت بەشداربووان لە کاتی تەڵاق و تەجروبەی بێدەسەڵاتی لە رەوتی تەڵاقدا تووشی وە ڕەزبوون لە رۆڵی جنسی خۆیان هاتوون و هەستیان بە سووکایەتی پێکردنێکی قورس کردووە. ئەمەش لای ئەو ژنانەی کە سێ‌تەڵاقەکراون دژوارترە. "فەریبا" ٢٨ ساڵە هەستی خۆی سەبارەت بە بێدەسەڵاتی لە رەوتی تەڵاقدا بەم شێوە دەربڕی:

> خۆم بە ئینسانێکی زۆر پووچ و بێ ئیرادە ئەزانی، لە بەر خۆمەوە ئەموت؛ چاوت لێیە کە ئینسانێکی ئاوەها پەست کە یەک وشەی تەڵاقی بە دەستەوەیە، چیم بە سەر ئەهێنێ. کەچی کەسێکی بێدەسەڵاتی وەک من، ژنێک کە بە راستی حەز بە جیابوونەوە ناکات چۆن مەجبوور بە تەڵاق ئەکرێ. لە وەختی تەڵاقخۆم لە گشت لایەکەوە بە ئینسانێکی بێدەسەڵاتی، بێدەسەڵاتی، بێدەسەڵات ئە زانی. بێدەسەڵات‌تر لە مێلوورەیەک کە لە ژێر پێدا ئەتلیقێتەوە.

"هێرۆ" ٢٩ ساڵەیش کە بە زۆرەملی و لە ژێر گوشاری مێردەکەی، کۆڵ بە تەڵاق ئەدات و لە گشت مافەکانی خۆی دەبوێرێ، تێ ڕوانینی بۆ خۆی لە کاتی تەڵاق ئاوا ئەدرکێنێ: «ئێمە بوونەوەرێکی بێدەسەڵاتین و ژن هیچ توانا و دەسەڵاتێکی نیە و باوەڕتان بێ ئەگەر من دەسەڵاتم بووایەت، سەد ساڵ نەمەهێشت کە ئەم شتە روو بدات».

زۆربەی ئەم ژنانە بەتایبەت ژنانی سێ‌تەڵاقە، لە رەوتی تەڵاقدا توانای نوێکردنەوەی خۆیان نیە و دوای هەڵسەنگاندنی خۆیان و رۆڵی جنسییان، هەست بە «سووکایەتی و بێ‌بایەخی»، «قوربانی‌بوون» و «زوڵملێکراوی» دەکەن کە قەت ناتوانن لەبیری‌کەن. چون بە ڕای خۆیان بە هیچ وەرنەگیراون و هیچ حیسابێکیان بۆ نەکراوە و هیچ یان دەسەڵاتێکی کەمیان لەسەر گۆڕانکاریەکانی ژیانیان بووە. "ئاسۆ" ٢١ ساڵە دوای تەڵاق ئاوا باس لە خۆی دەکات: «خۆم بە ئینسانێکی هیچ و پووچ و بێ‌ئەرزش ئەزانم. زۆر بێ‌ئەرزش و بێ‌بایەخ. لەخۆما هەست بە کەم و کورتی و سووکی ئەکەم».

"حەسیبە" ٢٥ ساڵە کە لە نەبوونی خۆیدا حوکمی تەڵاقی ئەدرێ، لە هەستی خۆی سەبارە ت بە ئەو دۆخە دەڵێت: «ئەوان بەراستی زوڵمیان لێ‌کردم و من ئەو زوڵمە قەت لە بیر ناکەم و هەمیشە لە بیرمە. ئاخر لە نەبوونی خۆما حوکمی تەڵاقم دراوە و هەر ئەمە منی ١٠ ساڵ زیاتر تێک‌شکاند».

ئەم ژنانە سەربەخۆیی ماڵیان نیە و لەلایەن بنەماڵەکانیانەوە بە سەختی کونترۆڵ دەکرێن و ئازادیان بە تەواوی لێ‌زەوتکراوە. کەوایە لە تێ ڕوانین بۆ خۆیان سەرکەوتوو نەبوون. بەڵام ئەو کەسانەی کە بە پێچەوانەی دەستەی یەکەم تا ڕادەیەک سەربەخۆیی ماڵیان بووە و بنەماڵەکانیان پشتیان‌گرتوون و لە هەڵسەنگاندنی رخنەیی رابردوو سەرکەوتوو بوون، لە دۆخی ئێستایان رازیین و توانیویانە گەشەبکەن و پێشکەون.

سەبارەت بە روانگەی ژنان بۆ تەڵاق دەتوانین بڵێین لە سەرەتاوە ناحەزبوونی تەڵاق لەناو خەڵکدا و ترس لە بەجێ‌هێشتنی منالّ و گیروگرفتی ماڵی دوای تەڵاق، روانگەیەکی تۆقێنەری لە تەڵاق لای ژنان جێ‌هێشتووە و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە تەواو هەوڵی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ راگرتنی ژیانی هاوسەری یان بە واتایەک "چەقەکردن". "فەراسەت" ٢٩ ساڵە ترس و دڵەڕاوکێی خۆی لە تەڵاق ئاوا دەربڕێ:

> «ئەتوت شەوانە شتێک دەستی لە بینم ئەنا و قورووما توند ئەگووشی. ئەمانە گشت ترسی خۆم بوو کە ببوو بە کابووسێک. پیاوێک بوو کە لە وەختی خەوا ڕایدەکێشام کە ئەمیش هەر ترسی خۆم بوو لە ژیانی هاوبەشم. زۆر دەترسام لە دەستی بەم و ناوی تەڵاقبکەوێتە دوام».

لە کاتی تەڵاقیش، هەست بە بێدەسەڵاتی و داماوی، تەڵاقی لە لای ژنان بە تایبەت ژنانی سێ‌تەڵاقە، زۆر تاڵتر کردووە و ژنان وەک رووداوێکی ناخۆش و ئازاراوی ناوی‌لێدەبەن. "ئاسۆ" ٢١ ساڵە سەختی تەڵاق لە کاتی

تەڵاقدا ئاوا دەگێڕێتەوە: «زۆر سەخت بوو و حەزم بە مردنی خۆم ئەکرد. وام ئەزانی ئازیزێکم لە دەست داوە و تازە پێیان وتووم».

کاتێک تەڵاق رووئەدات و ژنان راستەوخۆ لەگەڵ واقێع و کێشە و گیر و گرفتەکانی تەڵاق رووبەروو دەبنەوە، زۆربەی ژنان بە کردەوەیەکی خراپ چاو لە تەڵاق دەکەن و تەنیا تاقمێکی کەم لە ژنان بوون کە نە تەنیا وەها روانگەیەکیان نەبووە، بەڵکوو تەڵاق لای ئەوان دیاردەیەکە کە بووەتە هۆی پێداچوونەوە بەسەر خۆیان و گەشەکردنی تایبەتی ئەوان. "فەریبا" ٢٨ ساڵە بارودۆخی دوای تەڵاق بەم جۆرە هەڵدەسەنگێنێ: «گیروگرفتی دوای تەڵاقزۆر زیاترە لە وانەی کە لە ماوەی ٧ ساڵ ژیانی هاوبەش لە گەڵ ... کێشام. زۆر سەختتر بوو. بە رادەیەک سەختە کە ئینسان مەجبوور ئەبێ، وەسوەسە ئەبێ کە بیر لە خۆکوشتن بکاتەوە. زۆر سەختە».

## رووداوە رەفتارییەکانی تەڵاق

ئەو کردەوانەی کە لە دوای تەڵاق لە لایەن ژنانەوە رووئەدات، بریتین لە هەندێ لایەنی نەستی سەرەتایی و لە قۆناغی دواتر، تاقیکردنەوەی کۆمەڵێک گۆڕانکاری دەروونی یان ئەزموونی نوێ. لەم توێژینەوەیەدا، تەڵاق بۆ زۆربەی ژنان، گەزەنەیەک بووە کە هەست و نەستی ژنانی بریندار کردووە و بەو رادەیە کە ئەم برینداربوونە بە تەوژمتر بوویێت،گەزنگاری و بێدەسەڵاتی ژنان بۆ نوێکردنەوەی خۆیان دژوارتر بووە. گیرۆدەبوونی ژنان لەباری نەستییەوە هاو ڕێ لەگەڵ گریان و لە دۆخێکی دژوارتر گۆشەگیری و دایران لە گشت کەس و تووشی خەمۆکی هاتن بووە. "ئاسۆ" ٢١ ساڵە کاردانەوە ی خۆی بەرامبەر بە تەڵاق ئاوا باس دەکات:

> «دوای تەڵاق کە گەڕامەوە ماڵی باوکم، لە بەر دەرگاکە چۆکم شکا و ئیتر نەمەتوانی هەنگاو هەڵگرم. وام ئەزانی پام شکاوە و هێزی بەرز کردنەوەیم نەبوو. بێئیرادە ئەگریام و ئەسڵەن نەمەتوانی بەری گریانەکەم بگرم».

«خاوەر» ٣٢ ساڵەیش کە شەش ساڵ لە تەڵاقی تێپەڕ کردووە، دەڵێت:

> «لە هاتنە ناو خەڵک خەفەت ئەخۆم و نائومید ئەبم. لە بەر ئەوە زۆر هات وچووی هیچ کەس ناکەم. دوێکە هاتم بچم بۆ ماڵی خۆشکم، ئەگەرچی تا نیوەی رێگایش چووم، گەڕامەوە و بە خۆمم وت کە زۆر دڵت خۆشە کە ئەم لاو ئەو لا ئەکەی و گەڕامەوە».

سەرە ڕای ئەمانە، ژنان بۆ ڕاهاتن لەگەڵ کێشەکە هەوڵ بۆ گۆ ڕانکارێکی بنەڕەتی ئەدەن و بەدوای ئالترناتیڤێکدا دەگە ڕێن. لەم قۆناغەدا لای زۆرینەی ژنان گۆ ڕانکارییەکان زیاتر لایەنی دەروونی دەگرێتەوە. بە وتەی کۆمەڵناسی سەر بە قوتابخانەی شیکاگۆ، گافمەن(١٩٦٣)، چونکوو پێناسەی ئەم ژنانە بە رووبەرووبوونەوە لەگەڵ تەڵاق لەکەداردەبێ و دەڕووشێ، ئەوان هەوڵئەدەن لە خۆیان بەرگرىبکەن و لە پێوەندییەکانیان بە جۆرێک ئەو کێشەیە بە ڕێوەبەرن کە خۆیان بە باشترین شێوە وێنابکەن و کەمترین ئاڵۆزی دەروونیان ببێ(ریتزر،١٣٨٤: ٢٩٨).

بەپێی زاڵبوونی سیستەمی پیاوانە و ئوتۆریتەی پیاوان و نورم بوونی، ژنان خۆیان بە "ئەویتر" ێکی نێرینە پێناسەدەکەن یان تایبەتمەندییەکانی رەگەزی خۆیان سەرکوتدەکەن و چوارچێوێکی پیاوانە بۆ خۆیان دادەتاشن و بۆ بەرگری لەخۆیان بە تەواوی پیاوانە هەڵسوکەوتدەکەن. "فەریبا" ٢٨ ساڵە پێناسەی خۆی ئاوا وێنا دەکات:

> «دوای تەڵاق بە تەنیا بۆ هیچ شوێنێک ناچم و زۆر خۆم قورس و سەنگین ئەگرم. زیاتر حەز ئەکەم بۆ هەر شوێنێک بچم پیاوێکی ماڵ خۆمان، زیاتر باوکم و برام لە گەڵ بێت. ئەگەر پیاوێکت لە گەڵ بێ، لای خەڵک سەنگین دێتە بەر چاو».

"مەعسوومە" ٤٧ ساڵە بۆ قەرەبووکردنەوەی داخی تەڵاق لە بری گوشەگیری و دایران لە دەوروبەر ئاوا هەڵسوکەوت دەکات:

> «لە باری رەفتاریەوە وا نازانم کە ژنم. تەحەممولی زۆر کردار و قسەی بە جۆرێکم نیە و ئەگەر شتێک بە نادروست بزانم، بە ڕادەیەک باوەڕم بە خۆم هەیە کە منیش پیاوێکم و وەک پیاو رەفتار ئەکەم. تەنانەت کەڕەتێک شەقم لە پیاوێک هەڵدا کە حەقمی خواردبوو».

بە غەیری ئەم گۆ ڕانکارییە دەروونیانە، ژنانێک بوون کە هەندێ نەخشە و پیلانی تریان بەرامبەر بە تەڵاق تاقیکردووەتەوە کە گرینگترینیان درێژەدان یان دەسپێکردنی خوێندن و هەر وەها چوونە ناو بواری گشتی و کارکردن لە دەرەوەی ماڵە. ئەم ئالترناتیڤانە لای دوو کەس لە ژنان تێگەیشتنێکی شیاوتری سەبارەت بە خۆیان ساز کردووە کە یەکیان ئەسرین و ئەوی دیکە فەراسە ت بوو. ئەسرین لەوبارەوە دەڵێت:

«ئێستا کە دەستم لە گیرفانی خۆمایە و دوای ئەم چەند مانگە زانیم کە منیش کەسایەتیەکم هەیە و پیاوان نابێ ئاوا لە گەڵ ئێمە رەفتار کەن. نابێ ژن هەمیشە مەزلووم بێ و ئەرزش بۆ خۆی دانەنێت».

## شرۆڤە

دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەمان لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو بەراوردکرد کە لە ئاکامی لێکدانەوەی پرۆسەی تەڵاق لای ژنانی تەڵاقدراوی کورد پێیگەیشتبووین. ئەگەرچی پێکهاتەی گشتیمان لە ڕوانگەی دوو نووسەر و دەرمانگەری ئەمریکی، "کاسلۆ و شوارتز"[١٠](١٩٨٧) وەرگیراوە، بەڵام مۆدێلی ئەوان پێنج چەمکی سەرەکی ڕەوتی کاتی تەڵاق، لایەنەکانی تەڵاق، لایەنی فەرادەروونی تەڵاق و ڕووداوە رەفتارییەکانی تەڵاق و هەروەها پێداویستیەکانی دەرمانی دەگرێتەوە. بەڵام لە تەواوی پرۆسەی تەڵاقدا هیچ یەک لە ژنان لەژێر چاوەدێری دەرمانی لە کاتی تەڵاق و دوای تەڵاقدا نەبوون و تەنانەت بەهۆی بەپەلەرووودانی جۆری تەڵاقەکە و کورتخایەنبوونی جیابوونەوە بە تایبەت لە باسی سێتەڵاقەدا، ژنان دەرفەتی ڕاوێژکاریشیان پێ نەدراوە و چارناچار چاوەڕوان و ملکەچی بڕیاری مێردەکانیان بوون و لەدوای تەڵاقیش هیچ پێداویستیەکی دەرمانی بۆ وێنە گفتدەرمانی بەکۆمەڵ ئەو جۆرەی لە باقی وڵاتاندا باوە، لێرە بەرچاو ناکەوێت. لێرە تەنیا ماکی دەرەکی یارمەتیدەر بۆ ڕاهاتن لەگەڵ داهاتوو و دۆزینەوەی سەرلەنوێی «خود» دەتوانێ بنەماڵە و تۆڕی دۆستان بوونی بێ کە ئەمانەش لەژێر کاریگەری تەڵاقەدا تووشی گۆڕانکاری هاتوون. بەم جۆرە هەندێک لە ژنان تەنیا لە ڕێگای تێفکرینێکی ڕەخنەیی بۆخۆیان و بە پاڵدانەوە بەم سەرچاوە دەروونیە کە بە ڕای گیدنز (١٩٩١) تایبەتمەندییەکی سەردەمی مۆدێرنە، توانیویانە لەگەڵ ئەم کێشەیە لە قۆناغی سێهەم دوای تەڵاق- نوێکردنەوە- دا ڕێبێن.

بە وردبوونەوە لە سێ قۆناغی سەرەکی پێش، کات و دوای تەڵاق بە روانگەی بوهنن[١١] (١٩٧٠) دەگەین. ئەو شەش قۆناغی بەیەکاچووی تەڵاق لە یەک جیادەکاتەوە کە ژن و مێرد ناچاردەبن یەک بە یەک تێپە ڕیان کەن. هەر کام لەم قۆناغگەلە، کاریگەری تایبەت بە خۆی لەسەر ژن و مێرد، منداڵ، خزم و کەس و دوستان هەیە کە لای ئێمە بەهۆی بابەتی توێژینەوەکە کاریگەری ئە م قۆناغانە لە سەر ژنان گرینگترن. «بوهنن»لەسەرەتاوە باس لە «تەڵاقی نەستی»[١٢] دەکات، یانی داڕانی ژن و مێرد لەباری هەست و نەستەوە. لەم قۆناغە شتێک کە زۆر سەرنج ڕاکێشە، دیاردەیەک بوو کە هرمان[١٣] (١٩٧٤) بە "چەقەکردن"[١٤] ناوی‌دەبات(Turner, 1997:133). ژنان لەم قۆناغە لە تەواو خواستە تاکە کەسیەکانیان دادەبەزن و گشت هەوڵی خۆیان بۆ ڕاگرتنی ژیانی هاوبەشیان دەخەنە گەڕ. وەک یەکێک لەو ژنانە باسی‌دەکرد تەنانەت بە دەرهاوردنی منداڵدانی لە تەمەنی ١٨ ساڵی‌دا، یان ژنێکی‌تر بە خەتەنەکردنی خۆی لە ژێر گوشاری شووەکەی و جۆری پوشین و خواردن و دەر ڕویشتن یان هەر نەرویشتن بە ئیزنی مێرد، لای یەکێکی‌تر لەو ژنانە نزیکایەتی‌نەکردن و خۆخواردنەوە لە باری سێکسیەوە بۆ ماوەی ساڵێک و قەبوول کردنی ژنی دووهەم یان تۆزێک بوێرانەتر کەڵکوەرگرتن لە زاوزێ لە لای تاقمێکی‌تر لە ژنان، هەموو ڕێگا بەکارگیراوەکانی ژنانی ئەم توێژینەوەیە بوون کە تەنیا شوێنەواری ئەم پرسیارە دەهێڵێتەوە کە بۆ دەبێ قورسایی باری تەڵاق لەم سەردەمە و لەم کۆمەڵگایە وا لە ژنێکی کورد بکات کە بێ‌ئەوەی مافێک بۆ خۆی لەبەرچاوبگرێ، نارەواترین کردەوەکان بەرامبەر بەخۆی قەبووڵبکات، تەنیا لەبەر ئەوەی تەڵاق لە باری یاساییەوە ڕوونەدات.

لە وتوویژەکان وا دەردەکەوت کە جیا لە وەهمێک کە ژنان لە "داخ بوون"[١٥] تەڵاق هەیانە ئەو جۆرەی گافمەن ناوی دەبا و هەروەها لەبەرچاوگرتنی کێشە ئابووریەکان لە لای ژنانێک کە سەربەخۆیی ماڵییان نیە، پێناسەی ئەم ژنانە لە ڕادەبەدەر گرێدراوە بە خێزانەوە و هەروا کە نووسەری ئەمریکی کوڵت داولینگ[١٦] (١٩٨١) ئاماژەی پێکردووە؛ خودێکی سەربەخۆ لای ئەم ژنانە بە تەواوی بێ‌مانایە و لە دەرەوەی خێزان ئەوان کەسێکی بێ‌ناسنامەن. هەر بۆیە خۆیان سەرقاڵی هێمنایەتیێکی درۆیینی ناو خێزان دەکەن و لە بەشێکی هەرە گرینگی خۆدی خۆیان چاوپۆشی دەکەن تا تووشی بێ‌ناسنامەیی و ئاڵۆزی دەروونی لە دەرەوەی خێزان نەبن. بەڵام لە ئاکامدا بە ڕای بوهنن «تەڵاقی یاسایی»[١٧] بە شێوەی زۆرەملی یان سێ‌تەڵاقە ڕوو دەدات و ئەم وتەی فیلۆسوف و دەروونشیکاری فەڕانسەوی، لاکان (١٩٧٧) دەسەلمێندرێ کە ژنان لەناو نەزمی سەمبولیک و دیسکۆرسی پیاوانەدا هیچ شوێن و پێگەیەکیان نیە(تانگ،١٣٨٧: ٣٥٢-٣٥٠).

تەجروبەی ئەم سەردەمە، تێگەیشتنێکی نەرێنی لە خودی ژنانی پێک‌هێناوە کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بێ‌دەسەڵاتیان لەبەرامبەری تەڵاق و ئەو زانیاریەی کە تەنیا خەمبارییەکەی لا بەجێ‌هێشتوون. ژنان بە

---

[10] .LITA LINZER SCHWARTZ & FLORENCE W. KASLOW

[11] .P.Bohannan

[12] .the emotional divorce

[13] .S.Herman

[14] .Bargaining

[15] .Stigma

[16] .Colette Dowling

[17] . The legal divorce

تێپەڕکردنی تەڵاقی یاسایی لەگەڵ ڕووداوەکانی کاتی تەڵاق رووبە ڕوودەبن کە یەکەمیان ڕووداوی ئابووریە و لای یوهنن بە «تەڵاقی ئابووری»[18] ناو دەبرێ. لەم قۆناغەدا ژنان نەتەنیا لە دەسکەوتەکانی ژیانی هاوبەشیان بێبەریین، ئەو بەشە شەرعی و یاساییەش کە وەک مارەیی پێیان دەیری، ناچاردەبن لێی‌خوش‌بن، تەنیا لەبەر ئەوەی کە روانگەیەکی نەرێنی سەبارەت بە رویشتنی ژنان بۆ دادگا و شوێنگەلی قەزایی لە کۆمەڵگەدا زاڵە. لێرەدا ئوبژەبوونی ژنان لە بەرامبەر باڵادەستی و توانای پیاوانمان زیاتر بۆ دەردەکەوێت.

گوازتنەوەی چوارم لای بوهنن « ڕێککەوتنی ژن و مێرد لەسەر منالە»[19]. لەم قۆناغەدا هەڵسوکەوتی ژنان بە پێچەوانەی پیاوەکانە. پیاوان زۆربەی جار بە لێکدانەوەی زەرەر و قازانجیان بەو ئاکامەدەگەن کە تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت سەرپەرشتی منال بە دایک بسپێرن و دوای ئەو وەک کەرەسەیەک لە منال بۆ دابەزینی ژن لە خواستەکانیان کەڵک وەردەگرن. بەڵام ژنان بۆ وەرگرتنی مافی بەخێو کردنی منال لەگشت مافە تایبەتیەکانی خۆیان چاوپۆشی دەکەن و نە تەنیا قازانجێکیان پێ نەگەیشتووە بەڵکوو تووشی زەرەریش دە بن. ئەم دوو جۆرە کردەوە بەروانگەی فیلۆسوف و دەروونناسی ئە مریکی کارۆل گلیگان (١٩٨٢) دەچێتە ژێر ناوی ئەخلاقێک لەسەر بنەمای چاوەدێری و بەرپرسایەتی لای ژنان و بە پێچەوانە ئەخلاقێک لەسەر بنەمای مافی تاکەکەسی و قازانجی تایبەتی لای پیاوان (باقری،١٣٨٢:١٦٥). هەر چەند تاقمێکی کەم لە ژنان بوون کە لە ژنایەتیەکی تایبەت بە پێوانەی کۆمەڵگە لایان داوە و بەرامبەری راوەستاون و خۆیان دوزیوەتەوە و شۆڕشێکیان لە ناو دیسکۆرسی پیاوانە ڕێ‌خستووە.

دوای قۆناغی چوارم لە روانگەی یوهنن، ژنان لەگەڵ کۆمەڵێک قەیران و گۆرانکاری لە تۆری دۆستان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەناوی «تەڵاقی کۆمەڵایەتی»[٢٠] رووبە ڕوو بوونەتەوە وەک؛ «زەوت کردنی ئیرادە»، «بەزەیی هاتنی کەسانی دەوروبەر» و «سارد بوونەوەی هە ندێ لە پێوەندییەکانی ژنان و پیاوان» و «تەماح لێکردن».

ژنانی تەڵاقدراو ئیرادەیان زەوت دەکرێ و کونترۆڵ‌دەکرێن، تەنیا لە بەر ئەوەی لە پێناسەی ژنێکی لەبار بە پێوەرەی کۆمەڵگە لانەدەن. ژنی تەڵاق‌دراو، بوونەوەرێکی کراوەیە لەئاست جنسیەوە و لە سێوەکەی بەهەشتی خواردووە و هەر ئەمەش نێرینەکان تووشی ترس دەکات نە وەکوو لە یاسای باوک لادەن و بە وتەی فێمینیست و فیلۆسوفی فەڕانسەوی "ژوولیاکریستوا" (١٩٧٤) دوای ژنایەتی خۆیان کەون و بەرامبەر ئەو نەزمە سەمبۆلیکە بوەستێن. کەوابێ لە هەر شوێنێ ژنایەتی ببێ، بە وێنەی ژنایەتی سەرکوت دەکرێ. بەزەیی‌هاتنی دەوروبەر و ساردبوونەوەی پێوەندییەکان لەو ڕووەوە بۆ ئەم ژنانە ئازاراوییە کە ڕەنگدانەوەی ئەم بیروڕایە کە ئەم ژنانە کەسانێکی لەبار و بەپێی نۆ ڕمی کۆمەڵگا نین. نە «خود» بەڵکوو «ئەویتر» ێکن کە دەبێ بە پێی پێوەرەکانی نێرینە هەڵسوکەوت بکەن. ئەو دۆخەی کە ئەم ژنانەی تێدان، وا دەکات بە وتەی خۆیان هەر پیاوێک بە هەر پێگە و تەمەن و رواڵەت و لە هەر هەلومەرجێکدا تەماحیان‌تێ‌بکات. «تەڕەبێوەژن» ئاسایی‌ترین دەستەواژەی جنسی هەمان دیسکۆرسی پیاوانەیە کە لە خزمەت دەسەڵات جنسی پیاوانەدایە.

بەڵام خاڵێکی بەرچاو لە دوای تەڵاق هەر وەک پێشتر ئاماژەی‌پێکرا، هەڵسەنگاندنێکی رەخنەیی رۆڵی خۆیان تا ئەو دۆخەی ئێستایە، کە یان دیسان روانگەیەکی نەرێنی لە خودی ئەوان سەقامگیر دەکات و کۆمەڵێک هەستی جۆراوجۆریان لەلا دروستدەکات و دەرفەتی گەشەکردن و سەرکەوتنیان لێدەستێنێ یان بە تێڕوانینێکی ئە رێنی و پازێتیف، ئەگەری پێگەیشتنی خودێکی سەربەخۆ بەرهەمدەهێنێت.

زۆربەی ژنانی ئەم توێژینەوە خۆیان بە قوربانی دەزانن و لە ژێردەستی ئەو دیسکۆرسە پیاوانەیەدا بە توندی ڕەخنەدەگرن و ناڕەزایی خۆیان دەردەبڕن چون بە وتەی خۆیان هیچ دەسەڵاتێکیان بۆ دەستبەسەرداگرتنی ژیانی خۆیانا نەبووە. ئەم جۆرە تێڕوانینە بەتایبەت لای ئەو ژنانەی کە سێ‌تەڵاقەکراون، هەست بە سووکایەتی و بێ‌بایەخیشی پێک‌هێناوە. چونکوو لەناکاو خانووی خەون و خەیاڵەکانیان ڕووخاوە و بێ هیچ بریارێکی لەپێش دیاریکراو بۆ داهاتوو و بێ هیچ ڕاپرسی‌یەک، وەک یەکێک لە ژنان باس دەکات، بە وێنەی پەڕۆیەکی پیس فرێدراون و زوڵمیان لێکراوە، کەوابوو ناتوانن قەت ئەو زوڵمە لەبیرکەن.

ئەگەرچی بە ڕای "گیدنز"یش هەمیشە ئەگەری ئەو پەرۆشی و ئاڵۆزییە دەروونیانەی دوای تەڵاق و جیابوونەوە هەیە بەڵام لەئاکامدا ژنان پێ‌دەنێنە قۆناغی شەشەم کە لای یوهنن بە «تەڵاقی ڕەوانی»[٢١] پێناسەدەکرێ. لەم قۆناغەدا کەسەکان لەو پێوەندییە ڕەوانی و نەستی پێشوویان دادەبڕێن و لەگەڵ پێویستی بەتەنیا ژیان رووبە ڕوودەبنەوەو، لە هەمان کاتدا گۆڕانکارییەکانی دوای لێکپچڕانی ژیانی هاوسەری، دەرفەت و تواناییگەلێک بۆ تاکەکان بەرهەمدەهێنێت و بواری گەشەکردن و سەرکەوتن د ەرەخسێنێت. ژنانێک کە دەگەنە ئەم ئاستە، ئیتر هیوایان بە داهاتوو هەیە و گیرۆدەی ڕابردوو نین و توانیویانە خۆیانی لێ‌دەربازکەن و لەگەڵ دۆخی ئێستا راهاتوون کە بەداخەوە بۆ زۆربەی ژنان گەیشتن بەم ئاستە دژواربووە و بەگشتی ئەوان خۆیان لەگەڵ ئەو پێناسە

---

[18]. The economic divorce
[19]. The *co-parental divorce*
[20]. The community divorce
[21]. Psychic divorce

فەرهەنگی و قاڵبیە باوەی ناو کۆمەڵگا ڕێکخستووە و گریانی بەردەوام و داپران لە کۆمەڵ و خۆخستنەپەراوێزیان گرتووەتە پێش و تەنیا دوو کەس لەو ژنانە ئەو چوارچێوە و پێناسە قاڵبیەیان تێکشکاندووە و تەڵاق کلیلێک بووە بۆ «دۆزینەوەی سەرلەنوێی خود» ی ئەوان.

## دەرەنجامەکان

چیرۆکە باسکراوەکانی ژنانی تەڵاقدراو هەر چەند خەمناک بوون و ژنان بە گشتی باسیان لە کێشە، ئێش و برین گەلێک دەکرد کەوا بەکۆتایی هاتنی ژیانی هاوسەری روویداوە، بەڵام ئاماژەیەکیش بە ڕۆڵی بەهێزی تێفکرینەوە و پێداچوونەوەی پێناسەیی بۆ گەشەکردن و پێشکەوتن کراوە کە دەتوانێ بۆ چارەسەری کێشەکان لە بواری ژیانی هاوسەری و کەمکردنەوەی گوشار و هەڵسەنگاندنی تواناى ژنانیتر یارمەتیدەر بێ. هەروەها بۆ توێژینەوەکانی داهاتوو جێێ متمانە بێ.

بەپێی ئەو کاریگەرییە نەرێنی و نێگەتیڤەی کە چەمکی بێدەسەڵاتی لە پرۆسەی تەڵاق بوویەتی،نەهێشتن و لابردنی ئەو کۆسپە یاسایی و فەرهەنگیانە(بە تایبەت لە دیاردەی سێ تەڵاقە)کە ئەگەری بکەربوونی ژنان بە تەواوی لە بواری ژن و مێردایەتی و تەڵاق زەوتدەکەن، دەتوانێ کاردانەوەی پۆزەتیڤی ببێ.

هەروەها لەم توێژینەوە پێویستی دامەزرانی ڕێکخراوەکانی پشتگری دەوڵەتی و نادەوڵەتی و پێداویستگەلی دەرمانی بۆ ژنانی تەڵاقدراو دەردەکەوێ تا سەرقاڵبوونی ژنان بە کێشەکانی دوای تەڵاق، تێپەڕکردنی ئەو قەیرانەیان لەلا بەدوا نەخات.

**Refrences**:


- Baum,N. (2007)"»Separation guilt" in women who initiate divorce",ClinSoc Work J,Vol 35:47-55.

- Bohannan, P. (1970). Divorce and after: An analysis of the emotional and social problems of ivorce. Garden City, NY: Anchor.

-Kaslo, F. W., & Schwartz, L. L. (1987). The dynamics of divorce: A life cycle perspective. New York: Brunner Mazel.

- Thomas,C.,Ryan,M.(2008) "women's Perception of the Divorce Experience:A Qualitative Study",Journal of Divorce & Remarriage, Vol 49(3): 210 – 224.

- Turner, J.P.(۱۹۹۷) " Woman and the experience of later-life divorce after long-term marriage:A phenomenological investigation", A Dissertation Presented for the Doctor of Philosophy Degree The University Of Tennessee, Knoxville.

- Walzer,Susan & Oles, Thomas.P. (2003). Accounting for Divorce: Gender and Uncoupling Narratives. *Qualitative Sociology.Vol 26(3),*331-349.

- Weiss,R.S.(1984) " The impact of marital dissolution on income and consumption in single-parent household", Journal of Marriage and the Family,Vol 46: 115-127.

- اخوان تفتی، مهناز (۱۳۸۲) پیامدهای طلاق درگذار از مراحل آن، مطالعات زنان،سال اول، شمارەسوم، صص ۱۵۲- ۱۲۵.

- باقري، خسرو (۱۳۸۲) *مباني فلسفي فمنيسم*، تهران، وزارت علوم، تحقيقات و فناوري، دفتر برنامەريزي اجتماعي و مطالعات فرهنگي.

- تانگ، رزمري (۱۳۸۷) *درآمدي جامع بر نظريەهاي فمنيستي*، ترجمەمنيژەنجم عراقي، تهران: نشر ني، چاپ اول.

- داولينگ، كولت (1981)عقدەسيندرلا، ترجمەسلامت رنجبر(۱۳۸۷)، انتشارات روشنگران و مطالعات زنان، چاپ اول.

- ریتزر، جورج (۱۳۸۴) نظریەهای جامعەشناسی در دوران معاصر ، مترجم ؛ثلاثی، محسن،تهران: علمی.

- مک آفي، نوئل (١٣٨٤)، *ژوليا كريستوا*، ترجمه مهرداد پارسا، نشر مرکز، تهران، چاپ اول.

- گیدنز، آنتونی (۱۹۹۱)تجدد و تشخص:جامعەو هویت شخصی درعصرجدید،مترجم: موفقیان ،ناصر ،تهران: نشرنی .